

## لەساڵیادی کارەساتی یەکی شوباتی خوێناوی

# لە هەولێر دیداری سینەمایی (سینەما دژی تیرۆر) بەڕێوە دەچێت

بڕیار وایە ئەمڕۆ لە یادی کارەساتی یەکی شوبات لە هەولێر دیداری سینەمایی (سینەما دژی تیرۆر) بە بەشداریکردنی سینەماکاران و کەسایەتییە هونەرییەکانی بواری سینەمای کوردستان و عێراقی و بیانی و وڵاتانی دەوروبەر ساز بکرێت، لەم دیدارە سینەماییەدا سێ لە گرنگترین ئەو فیلمانەی کە باس لە تیرۆر دەکەن لەلایەن لیژنەیەکی ناوبژیوانی نێودەوڵەتییەوە ڕێزیان لێ دەگیرێت.

لەم بارەیەوە پشتیوان عەبدوڵڵا لە لیژنەی ئامادەکاری دیداری سینەما دژی تیرۆر بە گوڵانی ڕاگەیاند بیرۆکەی سەرەکی سازکردنی ئەم دیدارە سینەماییە لەوەوە سەری گرتووە کە هونەرمەندان بەتایبەتی سینەماکاران پەیامێك ئاراستەی ڕای گشتی جیهان بکەن کە سینەما و سینەماکاران پاڵپشتی و پشتیوانی هەموو هەوڵێك دەکەن لە هەر کوێیەك بێت دژی تیرۆر، بۆیەش سینەمامان لە نێو ژانرەکانی تری هونەر هەڵبژارد، چونکە سینەما دەتوانێت گوزارشت لە کێشە مرۆییەکان بکات و هەڵگری پەیامێکی ڕوون و ئاشکرایە لەم بارەیەوە، دیارە کوردستان بە گشتی قوربانییەکی زۆری داوە و هەمیشە قوربانی تیرۆر بووە.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی ڕۆژی یەکی شوبات بۆ سازدانی ئەم دیدارە وتی: ئاشکرایە لە ڕۆژی یەکی شوبات کە هاوکات بوو لەگەڵ یەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانی پیرۆز یەکێك لە دڕندەترین هێرشی تیرۆریستی دژی میللەتی کورد لە شاری هەولێر و لە بارەگای لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وزیاتر لە ١٠٠ کەس بوونە قوربانی کە ژمارەیەکیان سەرکردە و بەرپرسی حزبی و حکومی بوون تەنانەت کەسانی بیانیش کە بۆ پیرۆزبایی جەژنی قوربان هاتبوون لەو ڕۆژەدا بوونە قوربانی تیرۆر، هەڵبژاردنی ئەم ڕۆژەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕۆژی یەکی شوبات ڕەمزی نیشتمانی و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرە.

ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری دیداری سینەمایی (سینەما دژی تیرۆر) زیاتر وتی: ماوەیەکە ئێمە سەرقاڵی ئامادەکارییەکانی فیستیڤاڵەکەین و کۆمپانیای کۆرەك تیلیکۆم دیدارەکە سێ ڕۆژ دەخایەنێت، بۆ سەرخستنی دیدارەکەش چەندین دیدارمان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لیژنەی ڕۆشنبیری پەرلەمانی کوردستان و کەرتی تایبەتیش ئەنجامداوە، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە سەرەڕای ئەو قەیران و ئاستەنگە ئابووریانەی کە هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێت بزاڤی هونەری بەردەوامە بە هەوڵ و کۆششی لایەن و کەسایەتییەکان کە لەم بوارەوە ڕۆڵێکی بەرچاو و بەرپرسانەیان هەیە یەکێك لەو لایەنانەش کە لەم بوارەدا ڕۆڵی هەبووە و ئامادە بوو بەشداری بکات لە سەرکەوتنی ئەم دیدارە سینەماییە کۆمپانیای کۆرەك تیلیکۆمە، ئەمە یەکەم جار نییە ئەم کۆمپانیایە پشتیوانی لە بزاڤی هونەری سینەمایی بکات، چونکە ساڵی پاریش سپۆنسەری گەورەترین فیستیڤاڵی



# مەملەکەتی مێروولەکان



■ **بەرنامەی فیستیڤاڵ**

**ڕۆژی یەکەم/** سەردانی مۆنۆمێنتی شەهیدانی یەکی شوبات و دانانی چەپکە گوڵ.
کردنەوەی دیدارەکە بە نمایشکردنی فیلمێکی تۆماری دەربارەی کارەساتی یەکی شوبات دواتر نمایش کردنی ژمارەیەك فیلم لە عێراق، ئەمریکا، ئەفغانستان، کۆریا، فەرەنسا، میسر.

**ڕۆژی دووەم/** نمایش کردنی ١٥ فیلم گرنگترینیان فیلمی مەغریبی (مسار الجمال) و فیلمی عێراقی (احلام اليقظة) لە دەرهێنانی سەڵاح کەرەم.

**ڕۆژی سێیەم/** نمایش کردنی ١٠ کورتە فیلم و فیلمی (مەملەکەتی مێروولەکان) لە دەرهێنانی عەدنان عوسمان، دواتر ڕێزلێنان لە سێ سینەماکار ودوو فیلمی تر کە بە خۆبەخشی بەرهەمهێنراون.
دابەشکردنی خەڵات بەسەر باشترین دوو فیلم و باشترین بیرۆکە و باشترین خستنەرووی بیرۆکە و چارەسەر کردن.
شایەنی باسە گشت فیلمەکانی دیدارەکە لە ڕۆژانی ١٣-١٥ی شوبات لە فیلم هاوس لە عەنکاوە دووبارە نمایش دەکرێنەوە.

سینەمایی لە کوردستان لە ئەستۆ گرتبوو و ئامادەیی دەربڕیوە کە لەم دیدارەشدا ڕۆڵی دیار و بەرچاوی دەبێت بە سوپاسەوە، ئەم پاڵپشتی و پشتیوانییەی کۆرەك تیلیکۆم وەك هاوکارێك بە کارێکی نیشتمانی دادەنرێت کە سینەماکاران کوردستان ستایشی دەکەن و سینەماکارانی کوردستان لە یادی ناکەن بەتایبەتی لەو بارودۆخەی ئێستادا.

ئەندامی لیژنەی ئامادەکاری دیدارەکە وتی: لیژنەیەکی ناوبژیوانی تایبەتمان داناوە بۆ هەڵسەنگاندنی فیلمە بەشداربووەکان کە پێکدێت لە بەڕێزان ناسر حەسەن وەك سەرۆکی لیژنە و ڕەخنەگری سینەمایی ناسراوی عێراقی مەهدی حەسەن و خانمە ئەستێرەی سینەمایی بۆڵیۆد ئاشا جاهدیف کە ئامادەیی خۆی دەربڕیوە سەردانی کوردستان بکات، ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورە دەبێت بۆ دیدارەکە، چونکە ئاشا بە یەکێك لە ئەستێرە سینەماییە بە تواناکانی بۆڵیۆد دادەنرێت و پێشتر خەڵاتی باشترین ئەکتەری هیندی بەدەستهێناوە لە ڕۆڵی لە فیلمی (داغ) کە باس لە ژیانی ئافرەتێکی هیندی دەکات کە تووشی سەرگەردانی دەبێت بە هۆی کۆچی دوایی هاوسەرەکەی، سەبارەت بە هۆکاری بەشداری کردنی ئەم ئەستێرەی بۆڵیۆد پشتیوان عەبدوڵڵا وتی: ئەم خانمە ئەکتەرە لە هیندستان فیلمی (سیمای خۆڵەمێش)ی دەرهێنەر شاخەوان ئیدریسی بینی و کە سەرنجی ڕاکێشا بوو و چاوی بە سینەماکار شاخەوان ئیدریس کەوتبوو و بە ئاشکرا پێی ڕاگەیاندبوو کە هیواخوازە بتوانێت لە فیلمی داهاتوویدا بەشداری بکات، چونکە پێشبینی ئەوەی دەکرد ئەم فیلمە وەك زۆربەی فیلمەکانی دیکە کە پێشتری دیتبووی دەربارەی شەڕی عێراق و ئێران ئاسایی بێت، بەڵام دوای بینینی هەستی بەوە کرد کە لەم فیلمەدا بەشێوەیەکی کۆمیدی حاڵەتێکی مرۆڤایەتی کۆمەڵگا نیشان دەدات.

دەربارەی فیلمە بەشداربووەکانی ئەندامی لیژنەی ئامادەکاریی دیدارەکە وتی: لە ماوەی ئەم سێ ڕۆژەدا ٢٥ فیلمی جیاجیا بەشدارن کە هەموویان فیلمی نوێن لە کوردستان و عێراق، ئەمریکا، ئەفغانستان، مەغریب، فەرەنسا، میسر، لەمانە دوو فیلم بەشێوەی خۆبەخش بەرهەمهاتوون لە لایەن هونەرمەندانی کوردستانەوە ئەوانیش کورتە فیلمی (دوانەی ئازادی)ی دەرهێنەر ئەمیر تەها کە لە پاڵەوانیەتی هونەرمەندی گەورە سەلام کۆییە و باس لە تاوانەکانی داعش دەکات دژی کوردستان، دووەمیشیان فیلمی (مەملەکەتی مێروولەکان)ی دەرهێنەر عەدنان عوسمانە کە فیلمێکی درێژە و چەندین ئەکتەری کوردستان بەشداری تێدا دەکەن ئەویش باس لە پاڵەوانیەتی پێشمەرگە دەکات لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش دەکات، هەروەها سێ فیلمی دەرهێنەرە گەنجەکان لە دەرەوەی پێشبڕکێی فیستیڤاڵدا نمایش دەکرێن ئەوانیش خۆبەخشانە بەرهەمهاتوون، لە هەمان کاتدا کۆڕێك بۆ ڕەخنەگر و نووسەر مەهدی عەباس ساز دەکرێت دەربارەی باس کردنی تیرۆر لە سینەمای جیهانی و هەڵسەنگاندنی دیدارەکە و فیلمە بەشداربووەکان.

# خاڵی لاوازی جنیفەر ئاشكرا دەبێت

خانمە ئەكتەر و گۆرانیبێژی ناسراوی ئەمریكی جنیفەر لۆپێز باسی ئەو خاڵانەی كرد كە دەتوانرێت بە خاڵی لاوازی دابنرێن بەتایبەتی دوای ئەوەی لە كاتی وتنی گۆرانی I Hope You Dance كە بەم دواییە لە چەند شوێنێك وتی و لە كاتی وتنی دەستی بە گریان دەكرد.

لەم بارەیەوە جنیفەر وتی: چەند جار ئەو گۆرانییە دەڵێم ئیمی و ماكسی كوڕە جمكەكانی خۆم بیر دێتەوە، هەست دەكەم زۆر لاوازم، بۆیە خۆم بۆ ناگیرێت و دەست بە گریان دەكەم، تەنانەت لە كاتی پرۆڤەكردنیش زۆر بیریان دەكەم، ئێستا وای لێهاتووە كە گرووپی موزیك و سەماكارانیش دەزانن هەر كاتێك ئەم گۆرانییە بڵێم دەگریم، ناتوانم رێگری لە گریانی خۆم بكەم، چونكە كاتێك بیر لە دوو كوڕەكەم دەكەمەوە زۆر هەستیار دەبم.

شایەنی باسە جنیفەر لۆپێزی تەمەن ٤٦ساڵ لە ئاهەنگی دابەشكردنی خەڵاتەكانی گۆڵدن گلۆبسی ساڵی ٢٠١٦ كە لە بیڤرلی هێلز بەشێوەیەكی جوان و سەرنجڕاكێش دەركەوت بە یاوەری كاسبر سمارتی هاوڕێی.






# بارنیتی ئامۆژگاری ئافرەتان دەکات

خانمە ئەکتەری بۆڵیۆد پارنیتی شۆپرا بەشێوەیەکی زۆر توند رەخنە لە هەندێك رەفتار و رەوشتەکانی میللەتی هیندستان کرد کە ماوەی چەندین ساڵە لە هزر و بیریاندا چەسپیوە وکاریگەری سلبیی کردۆتە سەر ناوبانگیان و بە جۆرێك لە دواکەوتوویی وەسف کرد.
شۆپرا کە بە ئەکتەرێکی رەچە شکێن ناسراوە بەهۆی ئەوەی باس لە بابەتە ئاڵۆزەکان و شکاندنی تابۆکانی نێوکۆمەڵگای هیندی ناسراوە، بەم دواییە و لە کاتی ئەنجامدانی ریکلامێکی بازرگانی بۆ یەکێك لە جلوبەرگی ژێرەوەی ئافرەتان، رەخنەیەکی زۆرتوندی لەو کەسانە گرت کە داوای لێدەکەن چیتر بە ئاشکرا و راشکاوی باس لە بابەتە پێوەندیدارەکان بە سووڕی مانگانەی ئافرەتان نەکات لە لێدوان و دیمانە رۆژنامەوانییەکانیدا.
شۆپرا لە وەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەنووسان دەربارەی یادگارییەکانی تەمەنی منداڵیی خۆی و ئەو کۆت و بەندانەی لەلایەن کۆمەڵگا و کەسوکارییەوە بەسەریدا سەپێنرابوون وتی: من لە شارۆچکەیەکی بچووك لە دایکبووم و گەورە و پەروەردە کراوم، لەو کۆمەڵگایەی من تێیدا پەروەردە بوو زۆر شت و دیاردەی حەرام و قەدەغە کراو هەبوون، بۆیە پێویستە ئێستا بە هەموو لایەك هەوڵی نەهێشتنی ئەم دیاردە دواکەوتووانە بدەین، چونکە دواکەوتوویی کۆمەڵگاکەمان نیشان دەدات.
شۆپرا لە درێژەی قسەکانیدا وتی: دیاردە نابەجێیەکان بەتایبەتی بەرامبەر بە ئافرەتان زۆر بوون، بەڵام ئەوەی زۆر منی ئازاردەدات، ئەوانە بوون کە پێوەندییان بە کاتی سووڕی مانگانەی ئافرەتانەوە هەیە، بۆ نموونە ئافرەت لەو ماوەیەدا بۆی نییە بچێتە پەرستگا، یان چێشت لێ بنێت، یان پرچی خۆی بشوات ئەمەش جۆرێکە لە کەمکردنەوەی پێگەی ئافرەت.

# هەڕەشەی کوشتن لە مادۆنا دەکرێ



دوای ئەوەی لە چەند مانگی رابردوودا پێوەندی نێوان خانمە ئەستێرەی ئەمریکی مادۆنا و هاوسەری پێشووی شۆن بن ئاسایی بۆوە، بەجۆرێك کەسانی نزیك لە هەردوولا پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە دووبارە بگەڕێنەوە، بەڵام ئێستا ترسێکی زۆر لە لای مادۆنا دروست بووە و دوو دڵ بووە لەوەی تەنانەت لێی نزیك بێتەوە و پێداچوونەوەیەکی پێوەندییەکەی دەکاتەوە.
ترسی مادۆنا لە ئاشتبوونەوەی لەگەڵ هاوسەری پێشووی بۆ دەستگیرکردنی خواکین گرۆزمانی گەورە بازرگانی ماددە هۆشبەرەکانی مەکسیك کە بە شابۆ ناسراوە دەگەڕێتەوە،کە بەر لە ماوەیەك چاویان بە یەکتر کەوتبوو، لەم بارەیەوە بەرپرسێکی پۆلیسی مەکسیك کە ماوەی ١٦ ساڵە لە بواری نەهێشتنی بازرگانی ماددە هۆشبەرەکان کار دەکات وتی: هاوبەشەکانی شابۆ هەوڵی تۆڵە کردنەوە دەکەن بەهۆی کوشتنی و هیچ شتێك نییە کە رێیان لێ بگرێت و پێیانوایە کە شۆن و مادۆنا شایەنی ئەو سزایانەن و بە جددی هەوڵی کوشتنیان دەدەن.
کەناڵی (CBS) بڵاوی کردەوە کە شۆن بە دەسەڵاتدارانی مەکسیکی راگەیاندووە سەردانەکەی بۆ لای شابۆ بە مەبەستی دەستگیر کردنی بووە، بەڵام شۆن ئەمەی رەتکردەوە و وتی: ئەو دەنگۆیانەی کە داواکاری گشتیی مەکسیکی سەبارەت بە چاوپێکەوتنی من و شابۆ دوورە لە راست، بەر لە دەستگیرکردنی بە چەند هەفتەیەك چاوم پێکەوت لە شوێنێك کە زۆر دوور بووە لەو شوێنەی تێیدا دەستگیر کرا، پێموایە حکومەتی مەکسیك هەست بە شەرمەزاری دەکات، چونکە ئێمە پێش ئەوان دەستگیرمان کرد.





### دەرهێنەر لوقمان غەریب:

# لەم رۆژگارەدا هێشتا جۆرە تێگەیشتنێک ماوە کە لێکدانەوەی کۆن دەکات و دواجار پەشیمانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت

ناوەندی گاف بۆ بەرهەمهێنانی کاری تەلەفزیۆنی و سینەمایی کوردی، کار بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێکی کوردی دەکات بەناونیشانی بازاڕی کۆنەفرۆشان، فیلمەکە باس لە چەند لایەنێکی نێگەتیڤی کۆمەڵگەی کوردی دەکات، لە هەمان کاتدا تیشك دەخاتەسەر ئەو قوربانی و كێشە جۆربەجۆرانەی لەپرسە كۆمەڵایەتییەكانەوە سەرهەڵدەدەن.

كۆمەڵێك هونەرمەندی ناسراوی شاری سلێمانی بەشداری تێدەكەن لەوانە: (عەلی كەریم، عەبدول حەمە جوان، مەریوان برایم، شۆڕش قادر، نیاز شەریف، شادی جەزا، ئەڤین عوسمان، بەهائەدین هەڵەبجەیی، شایی عوسمان، سازگار فوئاد، زاهیر عەلی، كەمال چالاك، بژار تەها خەلیل، شێروان عیزەت، تەها داراغا، زرنگ مەریوان، ئەكرەم حەمە گوڵ، نەوزاد ئەحمەد، شەماڵ فەرەج و چەند ئەكتەرێكی دیكە، كاری كامێرای ژینۆ عومەر كردوویەتی و كاری دەنگهەڵگر نەبەز حەمە شوكر ئەنجامی داوە و یاریدەدەری دەرهێنەر مەریوان برایم ـە. سەبارەت بەم كارە نوێیە چەند پرسیارێكمان ئاراستەی دەرهێنەر لوقمان غەریب كرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.







**• ناوەندی گاڤ بەردەوامە لە کار کردن، ئایا ئەم کارانەی ئەنجامی دەدەن بۆ سەرکەوتنی پێشووترتان دەگەڕێتەوە؟**

-ناوە ندی GAV دەزگایەکی هونەری چالاکە و بەردەوام کاری سەرکەوتووی ئەنجامداوە. بەڵێ سەرکەوتن و ناوبانگی پێشوو و مێژووی پڕ بەرهەمی ناوەندەکە مایەی متمانەی هونەرمەندان و بەردەوامیدان بە کار و بەرهەمی نوێ، دەتوانم بڵێم لە ئێستادا تاکە دەزگایە لە بواری بەرهەمهێنانی فیلم و دراما بەردەوامە سەرەڕای قەیرانی ئابووری و نەبوونی هیچ پشتیوان و هاوکارییەك، من لە ڕێگای ئەم گۆڤارە خۆشەویستەوە زۆر سوپاسی هونەرمەندە هاوکارەکانمان دەکەم کە هەمیشە پشتیوانی سەرەکی و هاندەری بەردەوام بوون بۆ درێژەدان بە بەرهەمهێنان و کارکردن لە ناوەندەکەدا.

*** لەم بارودۆخە سەختەدا ئایا سپۆنسەرتان هەیە؟**

- سوپاسی هەموو ئەو ڕۆژنامەنووس و میدیایانە دەکەم کە بەردەوام بایەخ و گرنگییان پێداوە و هەواڵی کارەکانمان بۆ خوێنەران و بینەران گواستۆتەوە لە نێویشیاندا گۆڤاری گوڵان، لە سەرەتای وەرزی کارکردن لە پرۆژەی ٤ فیلمە درامییەکەدا کە هەندێك جار بە هەڵە لە فیلمی تەلەفزیۆنی ناودەبرێت، پێوەندی زۆرمان ئەنجامداوە، بەڵام هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەنجامێك کە مایەی باس کردن بێن، هەرچۆنێك بێت ئێمە بەردەوام دەبین لە بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەکەمان و ئومێدمان زۆرە پاش تەواو بوون سپۆنسەرمان دەست دەکەوێت.

*** بیرۆکەی بازاڕی کۆنەفرۆشان چۆن درووست بوو؟**

- بیرۆکەکەی لە رووکەشدا چیرۆکێکی کۆمەڵایەتی و هەڵهێنجراوی رووداوی رۆژانە و ژیانی ئاسایی خەڵك، بەڵام لە ناوەڕۆکدا مانا و مەدلوولی تری هەیە، دەبینین لەم سەردەم و لەم رۆژگارەدا هێشتا چۆرە تێگەیشتنێك ماوە کار لەسەر فرۆشتنی بیری کۆن و ئاکار و لێکدانەوەی کۆن دەکات کە دواجار پەشیمانی و مایەپووچی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

*** جیاوازی لەگەڵ کارەکانی پێشووت چییە؟**

- جیاوازییە کی زۆری هەیە هەر لە رووی ستایل و چیرۆك و رووداو و هێڵە درامییەکان تەنانەت کاراکتەرەکانیش جیاوازن، لەم فیلمەدا دوو هێڵی هاوتەریبی درامایی پێکەوە دەڕۆن کە هێڵێکیان کۆمیدیایەکی ئامانجدارە و هێڵەکەی تریش بینای درامی لایەنی فکرییە کە فیلمەکەی لەسەر بونیاد نراوە.

*** زۆربەی کارەکانت باش لە مێژووی شاری سلێمانی دەکەن، هەوڵتان نەداوە چوارچێوەی کارەکانت بۆ کوردستان فراوانتر بکەیت؟**

- رەنگە ئەو جۆرە بۆچوونەتان لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە درووستکردنی بەرهەمەکانی لە شاری سلێمانی ئەنجام دەدرێن و ئەکتەری ئەوێ رۆڵەکان بەرجەستە دەکەن، دیار شێوازی ئەداکردنی دیالۆگەکانیش هەر سلێمانیانەیە ئەگینا وەکو تر، هەموویان باس لە سلێمانی ناکەن، بۆ نموونە زنجیرە درامای (نامەکانی ئەشرەف) شوێنی رووداوەکان دیار نەکراوە، هەروەها زنجیرە درامای (رەیحانە)ش بە هەمان شێوە، لە (رەیحانە)دا لاوکی کرمانجی ژوورو و حەیرانی دەشتی هەولێر و هەندێك بەیت وبالۆریە ناوچە دیالیکتە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەکارهاتوون هەروەها ئاماژەی بۆ پێکەوەژیانی کریستیان و ئەرمەن و جولەکەکان کردووە کە لە کوردستان بوون بەشێوەیەك کە بەشێکی گرنگ بوون لەناو رووداوەکاندا نەك تەوزیفێکی جوانکاری و فەنتازی، باوەڕیشم وایە کە یەکەم جار بووە لە بەرهەمێکی درامیدا ئەو هەموو رەنگییە بە رووداو و لە چوارچێوەی هێڵی گشتی دراماکەدا تەوزیف بکرێت لە راستیشدا تاقانە بەرهەمیش بووە کە ئەو جۆرە موزایکەی ژیانی خەڵکی کوردستان پیشان بدات، هەروەها فیلمی (دانیشتوانی عەلیاوە)ش شوێنی رووداوەکان دیار نین ئەگەرچی زەمان و کات روونە، بەڵام بینەر دەتوانێت بڵێت ئەو شوێنە ئاکرێ، یان کۆیە، یان زاخۆ، یان هەر شارێکی دیکەی کوردستانە.